یەکەم :

شەریك بۆ خوا دانان لە پەروەردگاریەتیدا

(الشرك في الربوبية)

بریتییە لە ℜ :

تسوية غير الله بالله فيما هو من خصائص الربوبية.أو **نسبة** شيء من خصائص ربوبيته إلى غيره سبحانه، كالخلق والرزق والملك والتدبير لهذا الكون **والتشريع** و **الأمر** **والنهي** والإحياء و الإماتة والتصرف والنفع والضر ونحو ذلك من معاني الربوبية.

واتە: غەیری خوا بکەیتەشەریك و یەکسانی خوا لە تایبەتمەندێتیەکانی پەروەردگاریەتیدا.یاخود شتێك لە تایبەتمەندێتیەکانی پەروەردگارێتی پاڵ بدەیتە غەیری خوا وەك دروست کردن و ژیاندن و مراندنو، بەڕێوەبردنی بونەوەرو، ڕزق و ڕۆزی دانو،شەرع و یاسا بۆ دانان و، فەرمان پێ کردن و،سودو زیان بەدەست بوون و،وێنەی ئەمانە.

ئەهلی سوننەت باوەڕیان وایە: کە سودو زیان و خێرو شەڕ، و مردن و ژیان و ڕزق و ڕۆزی و، فەقیری و دەوڵەمەندی و، ساغی و نەخۆشی و، بەڕێوەبردنی بونەوەر، تەنها بەدەست خوایە. وە بەگوێرەی قەزاو قەدەرو بڕیارو ویست وفەرمانی ئەوە، بێ ئەوەی کەسێك هەبێت بەرهەڵستکاری بێت، یان بەرامبەر(مقابل ومنازع ومنافس)ێکی هەبێت، یا شەریکێکی هەبێت، یا یارمەتی دەرێکی هەبێت لە یەکێك لەو شتانەدا وەك لەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت:

١. ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (المائدة:١٧).

واتە: موڵکی ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیشیان تەنهابۆ(ﷲ)یە.

٢. ﴿هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ﴾ (فاطر: من الآية٣).

واتە: ئایا هیچ دروست کارێکیتر هەیە ڕزقتان بدا لە ئاسمانەکان و زەوی؟!

٣. ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثاً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (الأعراف:٥٤).

واتە دروست کردن و بەڕێوە بردن و فەرمان پێ کردن و بەرنامەو شەرع و یاسا بۆ دانان تەنها بۆ(ﷲ) یەو، تایبەتن بەو زاتە، کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە:

﴿فالحكم لله العلي الكبير﴾(غافر:١٢).﴿له الحكم وإليه تُرجعون﴾(القصص:٨٨).

*** کەواتە هەر کەسێ ئیعتیقادی وابێت کە غەیری خوا بۆی هەیە سەرچاوەی فەرمان و نەهی و شەریعەت و بەرنامە دانان بێت، یان شتێك کە خوا حەڵاڵی کردبێت، ئەو بە حەرامی دابنێت، یان بە پێچەوانەوە؛ ئەوە شەریکی بۆ خوا داناوە لە پەروەردگارێتیدا(الشرك في التشريع)** [1]:

---

(1) قال الشيخ المُفسِّر الإمام الشنقيطي ـــ رحمه الله ـــ : ((تنبيه: إعلم أنه يجب التفصيل بين النظام الوضعي الذي يقتضي تحكيمه الكفر بخالق السماوات والأرض، وبين النظام الذي لايقتضي ذلك. وإيضاح ذلك – أن النظام قسمان:

إداري، وشرعي. أما الإداري الذي يُراد به ضبط الأمور وإتقانها على وجه غير مخالف للشرع، فهذا لامانع منه، ولا مخالف فيه من الصحابة ﭫ ، فمن بعدهم. وقد عمل عمرﮓ من ذلك أشياء كثيرة ماكانت في زمن النبيّ ﷺ ؛ ١.ككتبه أسماء الجند في ديوان لأجل الضبط، ومعرفة من غاب ومن حضر، مع أن النبي ﷺ لم يفعل ذلك، ولم يعلم بتخلف كعب بن مالك عن غزوة تبوك إلّا بعد أن وصل تبوك، ٢.وكاشترائه ـــ أعني عمر ﮓ ـــ دار صفوان بن أمية، وجعله إياها سجنا في مكة المكرمة، مع أنهﷺ لم يتخذ سجناً هو ولا أبوبكر. فمثل هذا من الأمور الإدارية التي تُفْعَل لإتقان الأمور مما لايخالف الشرع ـــ لابأس به؛ كتنظيم شؤون الموظفين، وتنظيم إدارة الأعمال على وجه لايخالف الشرع. فهذا النوع من الأنظمة الوضعية لابأس به، ولا يخرج عن قواعد الشرع من مراعاة المصالح العامة.

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ﴾ (الشورى: من الآية٢١).

واتە ئایا ئیعتیقادیان بەچەند شەریك و هاوەڵێكە بۆ خوا شەرعیان بۆ دانابن كە ئیزن و ڕوخسەتی پەروەردگاری لەسەر نیە ؟!.

﴿إن الحكم إلاّ لله.أمر ألاّ تعبدوا إلاّ إيّاه.ذلك الدّين القيم ولكن أكثر الناس لايعلمون﴾(يوسف: ٤٠).

واتە: حوكمی حەق و دادپەروەر تەنها حوكمی خوایە، وەهەر تەنها ئەوە كە فەرمانمان پێدەكات و شەریعەت و بەرنامەو حەڵاڵ و حەراممان بۆ دادەنێت. وە فەرمانی كردووە كە جگە لەو نەپەرستین و، شرع و دین وەرنەگرین تەنها لەو نەبێت، وە شەریكی نییە لەمەشدا (ولا يُشْرِك في حكمه أحداً:٢٦الكهف)؛ **چونكە كێ ئەو بونەوەرەی دروست كردووەو یاساو بەرنامەی بەڕێوەچوونی بۆ داناوە، هەر تەنها ئەویش مافی ئەوەی هەیەو شیاوی ئەوەیە كە بەرنامەی ژیانیشی بۆ دابنێت. چونكە خۆی مرۆڤی دروست كردووەو دەشزانێت چ شەرعێكی بۆ باشە، كەوابوو تەنها حوكمی ئەو تەواوەو گونجاوە لە هەموو ڕوانگەیەكەوە، وە هەروەكو چۆن دروستكراوانی خوا زۆر بە وردی و تەواوی هێنراونە بوون و وەگەڕخراون، كە كەس ناتوانێت عەیبێكیان لێ ببینێتەوە، یا وەكو خوا شت دروست بكات، بەهەمان شێوەش شەریعەت و بەرنامەو دینەكەی بێ عەیبەو زۆر تەواوە** [ذلك الدّين القيم]**، بەڵام بەداخەوە** ﴿ولكن أكثر الناس لايعلمون﴾ **زۆربەی خەڵكی ئاوەها دینی خوایان بەتەواوی نەناسیوە چونكە نەزانن، وە لەبەر ئەوە حوكمی خوا ــ كەدروستكاریانە ــ ڕەت دەكەنەوەو، حوكمی مرۆڤێكی دروستكراوی وەكو خۆیان هەڵدەبژێرن!. بەڵام خوای گەورە حوكمی غەیری خۆی بە جاهیلیەت ناوبردووە:**

﴿أَفَحُكْمَ الجاهِلِيَّةِ يَبْغُون ! ومن أَحْسَنُ مِنَ اللهِ حُكْماً لِقَومٍ يُوقِنُونَ ؟ ﴾(المائدة: ٥٠).

واتە: ئایا حوكمی جاهیلیەتیان گەرەكە؟!. بۆ كێ حوكمی لە حوكمی خوا باشترە؟!.وە خوای پەروەردگار فەرمانی پێكردووین كە بێ باوەڕبین بە حوكمی غەیری خۆی، ئەگینا بەكافر حیساب دەكرێین نەك بە موسڵمان، وەك لەم ئایەتانەدا دەردەكەوێت:

﴿ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم آمنوا بما أُنزل إليك وما أنزل من قبلك: يُريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت، وقد أُمروا أن يكفروا به، ويريد الشيطان أن يُضلّهم ضلالاً بعيدا . . . فلا وربّك لايُؤمنون حتى يُحكموك فيما شجر بينهم، ثمّ لايجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويُسلّموا تسليما ﴾(النساء: ٦٥، ٦٠).[2]

كەوابو هەركەسێك، غەیری(الله) بكاتە شەریك و هاوبەش و یەكسانی خوا لە تایبەت مەندێتیەكانی پەروەردگاریەتیدا؛ واتە باوەڕی وابێت كە:

١. **دروستكارێكی تر لەگەڵ (الله) هەیە،**

٢. **یا مالیكێكی تر خاوەنی بونەوەرە لەگەڵ (الله)،**

وأما **النظام الشرعي** المخالف لِتشريع خالق السماوات والأرض، فتحكيمه كفر بخالق السماوات والأرض؛ كدعوى أن تفضيل الذكر على الأنثى في الميراث ليس بإنصاف، وأنهما يلزم استواؤهما في الميراث. وكدعوى أن تعدد الزوجات ظلم، وأن الطلاق ظلم للمرأة، وأن الرجم والقطع ونحوهما أعمال وحشية لايسوغ فعلها بالإنسان، ونحو ذلك. فتحكيم هذا النوع من النظام في أنفس المجتمع وأموالهم وأعراضهم وأنسابهم وعقولهم وأديانهم — كفر بخالق السماوات والأرض، وتمرُّد على نظام السماء الذي وضعه مَن خلق الخلائق كلها وهو أعلم بمصالحها سبحانه وتعالى عن أن يكون مه مشرِّع آخر علوا كبيراً ﴿قل أرأيتم ما أنزل الله لكم من رزق فجعلتم منه حراماً وحلالاً. قل آلله أذن لكم، أم على الله تفترون﴾(يونس:٥٩). ﴿ولا تقولوا لِما تصف ألسنتكم الكذب هذا حلال وهذا حرام لِتفتروا على الله الكذب، إن الذين يفترون على الله الكذب لايفلحون﴾(النحل:١١٦).(أضواء البيان:٤/٦٦،٦٧).

([2]) **یەكێك لە خەسڵەتە هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلامەتی و دەرچوون لە دین، بریتییە لە:**

((من اعتقد أن غير هدي النبيِّ ﷺ أكمل من هديه، أو أنَّ حكم غيره أحسن من حكمه — مجرد اعتقاد، ولو لم يفعل — كالذين يُفَضِّلون حكم الطواغيت على حُكْمه، فهو كافر. ومن ذلك:

- **اعتقادُ**:(١) أن الأنظمة والقوانين التي يسنُّها الناس أفضل من شريعة الإسلام، أو مماثلاً لها.(٢) أو أن نظام الإسلام لايصلح تطبيقه في هذا القرن.(٣) أو أن الإسلام كان سبباً في تخلف المسلمين.(٤) أو أنه خاص في علاقة المرء بربه دون شؤون الحياة الأخرى.
- **اعتقاد** أنَّه يجوز الحكم بغير ما أنزل الله في المعاملات الشرعيّة، أو الحدود أو غيرهما، وإن لم يعتقد أن ذلك أفضل من حكم الشريعة، أو مساوياً له؛ لأنه بذلك يكون قد استباح ما حرّم الله إجماعاً، وكل من استباح ما حرّم الله مما هو معلوم من الدين بالضرورة: كالزنا والخمر والربا والحكم بغير شرعة الله فهو كافر بإجماع المسلمين.(الواجبات المتحتمات).و(تحكيم القوانين) الشيخ محمد بن إبراهيم ، مُفتي الحرمين رحمه الله.

٣. یا یەکێکی تریش بۆی هەیە حەڵاڵ و حەرام و شەرع و یاسای بەڕێوەبردن بۆ مرۆڤ دابنێت ئەوە ئەویشی کردوە بە شەریکی ﷲ لە پەروەردگاریەتیدا.

* توانای هێنانی خۆشی و لادانی ناخۆشی دانەپاڵ غەیری خوا شەریك بۆ خوا دانانە لە پەروەردگاریەتیدا

[الشرك في إثبات قدرة التصرُّف لغير ﷲ]

لە چەندان ئایەت وحەدیسدا هاتووە کە هیچ یەکێ غەیری خوا سودو زیانی بە دەست نیە بۆیە نابێت هاواریان بکرێتێ، وەك لەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت:

١- ﴿قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِنْ شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُمْ مِنْ ظَهِيرٍ. ولا تنفع الشفاعة عنده إلّا لمن أذن له﴾ (سبأ: من الآية٢٢-٢٣).

واتە: **ئەی محمد** ﷺ ، بۆ ئەوەی ناشیاوێتی و ناشایستەیەتی پەرستراوێتی غەیری خوا نیشانی موشریکەکان بدەیت وە بەڵگەی ڕونیان بخەیتە ڕوو لەسەر ئەوەی کە پەرستراوەکانیان بە هیچ شێوەیەك هیچ لە سودو زیانیان بەدەست نیە؛ کەوابو شایستەی ئەوە نین ڕەجای دەست خستنی خێرو لادانی شەڕیان لێ بکرێت و هاواریان بکرێتێ و ئیعتیقادیان پێ ببرێ چونکە هیچیان بەدەست نیە- **بفەرموو**: ئەی موشریکەکان بانگ کەن ئەوانەی کەدەیان پەرستن غەیری خوا وەکردوتانن بەشەریکی ﷲ لە ئیعتیقاد بوون بەوەی کەشتێك لە سودو زیانیان بە دەست بێت و ئیعتیماد خستنە سەرو هاوارو داوا لێ کردنیان.

بانگیان کەن تا بۆتان دەرکەوێت کە هەریەکێك کە لە وانەی ئێوە ئیعتیقادتان پێیانە_غەیری خوا_:

(١) خاوەنی تۆسقاڵێکیش نین **سەربەخۆ** لە ئاسمانەکان و زەویدا.

(٢) وە لەوەش کەمتر بە **شەراکەتیش** لەگەڵ خوا هیچ بەشێکیان نیە.

(٣) وەلەشەراکەتیش کەمتر **یاریدە** دەرو جێگری خواش نین لە هیچ شتێکدا واتە پەروەردگار بەیاریدە دەریش قەبوڵیان ناکات و هیچ شێوە مافێکیان نیە لەگەڵ خوادا.

(٤) وەهەروەها لەوەش کەمتر ناتوانن **تکاو ڕجاو شەفاعەتیش** بکەن لای خوا بێ ئیزن و ڕوخسەتی ئەو بەتەواوی.

کەواتە بۆمان دەرکەوت کە غەیری خوا هیچی بەدەست نیە کە هیچیشی بەدەست نەبێت بێ عەقڵی و بێ شەرعی‌یە مرۆڤ دڵی خۆی بەوان ببەستێت و ئیعتیمادیان بخاتە سەر. چونکە مرۆڤ کاتێك داوا لە یەکێك دەکات لەبەر ئەوە داوای لێ دەکات چونکە باوەڕی وایە کە شتێکی بەدەست بێت لە هێنانی خێرو لادانی شەڕ بەیەکێك لەم چوار شێوەیە:

(أ) بەشێوەی سەربەخۆیی (علی وجه الاستقلال) خاوەنی سوڵتە بێت.

(ب) یاخود کە سەربەخۆییش نەبێت بە هاوبەشی و شەراکەت لەگەڵ یەکێکی تری خاوەن دەسەڵاتدا(علی وجه الاشتراك).

(ج) یاخود ئەگەر شەریکی دەسەڵات دارەکەش نەبوو، ئەوە یارمەتی دەرو جێگیرو ژێر دەست و وەزیری بێت.

(د) یاخود کە ئەو مافەشی نەبوو مافی ئەوەی هەبێت داوا لە خاوەن سوڵتە بکات بە ئازادی و سەربەستی و کراوەیی هەرداوایەکی ببێت وە بۆ هەرکەسێ داوابکات وەهەر کاتێ بێت.

بەڵام پەروەردگار لە ئایەتەکەی سوڕەتی سبأ ڕوونی کردۆتەوە کە غەیری خوا هەر چەند پلەو پایەشی بەرز بێت، وەك پێغەمبەرانی نێرراوی خواو، فریشتەکانی لە خوا نزیك و، پیاو چاکانیش، هیچ کام لەم **چوار مافەیان** نیەو، ناتوانن داوای شەفاعەتیش بکەن بە چەند مەرجێك نەبێت کە ئەمانەن :-

(١) خوا ئیزنیان بدات.

(٢) وە ئەو کەسەش کەشەفاعەتی بۆ دەکەن خوا ڕازی بێت لەشەفاعەت کردن بۆی.

وەهەمان مانا لە حەدیسیشدا هاتووە:

١- (اللهم لا مانع لِما أعطيتَ ولا مُعطي لما منعتَ)[٣]

٢-(واعلم أن الأُمَّة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشيءٍ لم ينفعوك إلا بشيءٍ قد كتبه الله تعالى لك، وإن اجتمعوا على أن يضروك بشيءٍ، لم يضروك إلا بشيءٍ قد كتبه الله عليك..)[٤]

وەلە ئایەتی تریشدا هاتوە کە خۆشەویست ترین بەندەی خوا کە (پێغەمبەرە ﷺ) هیچی بەدەست نىیە لە خێرو شەڕ؛ نە بۆ خۆی وەنە بۆ غەیری خۆی وە شایستەی ئەوە نىیە کە ئێمە هاواری بکەینێ بۆ نمونە:

﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾ (آل عمران: من الآية١٢٨)

واتە:ئەی محمّد تۆ هیچت بەدەست نىیە؛ کەوابوو با خەڵکیش ئەوە بزانن بۆیە پێیان بفەرموو:﴿قُلْ لَا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ﴾ (الأعراف:١٨٨).

واتە: بفەرموو من هیچ سودو زیانێکم بە دەست نىیە بۆ نەفسی خۆشم- مەگەر شتێك کە اللّٰه ویستی لەسەر بێت.چجای بۆ ئێوە.

﴿ قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴾ (الجـن:٢١).

واتە پێیان بفەرموو: هیچ زەرەرو قازانجێکم بەدەست نىیە بۆ ئێوەش.

وە لە چەندان ئایەتدا پەروەردگار ڕوونی کردۆتەوە کە غەیری خوا ئەگەر پێغەمبەریش ﷺ بێت، هیچی بەدەست نیەو، سودو زیان بۆ خۆی دابین ناکات تاوەکو بۆ غەیری خۆی. وە هەروەها ئاگای لە غەیبیش نیە.

بۆ نمونە لەم ئایەتەدا پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ ﴾

(الأنعام: من الآية٥٠)

واتە: ئەی محمد خۆت بە خەڵکی بناسێنە، با سنوری تۆ بزانن و کورت ڕەوی و زێدە ڕەوی بەرامبەرت نەکەن. بفەرموو پێیان: من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خوا لای منن (چونکە تۆ خاوەنی هیچ موڵك نیت لەگەڵ خوادا). بفەرموو: من هیچ لە غەیب نازانم وە من ناڵێم فریشتەم. بەڵکو من بەندەیەکی پەروەردگارم و شوێن هیچ ناکەوم تەنها ئەم وەحیە نەبێت کە لەلایەن خواوە بۆم نێرراوەتە خوارەوە.

﴿ قُلْ لا أملكُ لنفسي نفعاً ولا ضراً إلا ما شاء اللهُ ولو كنتُ أعلمُ الغيب لاستكثرتُ من الخيرِ وما مسّنيَ السوء إن أنا إلا نذيرٌ وبشيرٌ لقومٍ يُومنون ﴾ الأعراف (١٨٨).

واتە: ئەی محمد بفەرموو بەو خەڵکە: من هێنانی هیچ سودێك و، لادانی هیچ زیانێکم بەدەست نیە بۆ نەفسی خۆشم، مەگەر شتێك خوا خۆی حەزکات.

وە بفەرموو: ئەگەر من غەیبیم زانیبایە، ئەوا زۆر کار هەیە سەردەکێشێ بۆ خێرو مەسڵحەت من خۆم دەم کرد، بەڵام چونکە ئاگام لە پاشەڕۆژو غەیب نیە، لە دەستم دەچن.وە بڵێ ئەگەر غەیبیم زانیبایە، زیان و ناڕەحەتیم توش نەدەبوو" چونکە خۆمم لێ دەپاراست.

وە بفەرموو: من تەنها ترسێنەرو موژدە دەرێکم بۆ گەلێك کە بڕوا دێنن.

جا ئایا پێغەمبەرێك کە خۆشەویست ترین کەسە لای خوا هیچی بەدەست نەبێت بۆ خۆی، وە لەدوورەوەو دوای مردنیشی گوێ بیستی قسەو هاوارو داوا لێ کردنی خەڵکی نەبێت، چونکە ئاگای لەشتی پەنهان و غەیب نیە، ئایا ئەو خۆشەویستە دەتوانێت بۆ غەیری خۆی هیچ دابین بکات ؟!

لە وەڵامدا ئایەت و حەدیسێك باس دەکەین بۆ ئەوەی لەکەلامی خواو کەلامی پێغەمبەر ﷺ ئەم وەڵامەمان دەست کەوێت:

١- ئایەتەکە: ﴿ قُلْ إِنِّي لا أملكُ لكم ضراً ولا رشداً، قُلْ إنِّي لن يجيرني من الله أحدٌ ولنْ أجِدَ من دونه مُلْتحداً، إلا بَلاغاً من الله ورسالاته؛ ومن يعصِ اللهَ ورسولَهُ فإنّ لهُ نار جهنّم خالدين فيها أبداً ﴾ الجن (٢١ ــ ٢٣).

---

[٣] البخاري (٢/٢٧٥)مسلم (٥٩٣)(٣).

[٤] الإمام أحمد (١/٢٩٣)و الترمذي (٢٥١٦).

واتە: ئەی محمد ـ بفەرموو ـ: من ناتوانم هیچ زیان و زەرەرێکتان لەسەر لابدەم، وە ناشتوانم هیچ سودو قازانجێکتان بۆ دابین بکەم.

وە بفەرموو: من ئەگەر بێ فەرمانی خوا بکەم کەس ناتوانێت بمپارێزێت لە سزای خواو، هیچ پەنایەکم دەست ناکەوێت پەنای پێ بگرم لە خوا.

وە بفەرموو: من تەنها یەك شتم بەدەستە بۆ ئێوە، ئەویش ئەوەیە ئەو بەرنامەیەی پەروەردگارتان پێ ڕابگەیەنم کە من پێی نێرراوم.

واتە من تەنها واسیتەی پەروەردگارم بۆ ڕاگەیاندنی شەرعەکەی بە ئێوە، بەڵام واسیتەی ئێوە نیم بتان پارێزم لە سزای خوا ـ ئەگەر خوا بیەوێت سزاتان بدات ـ وەیان زەرەرتان لەسەر لابەرم و، سودتان پێ بگەیەنم" وە هەر کەسێك سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەر ﷺ بکات ئەوە ئاگری دۆزەخی بۆ ئامادە کراوەو، بەردەوام تێیدا دەمێنێتەوە. ئەگەر سەرپێچی کردنی خواو پێغەمبەر ﷺ بە حەڵاڵ بزانێت، یان سەرپێچی‌یەکە کوفرو شیرك بێت .

٢ـ وە حەدیسەکەش ئەمەیە: أبو هريرة رضي الله عنه فەرمووی:

قام رسول الله ﷺ حين أنزلَ الله ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾[٥] **قال**:((يا معشر قريش_ أو كلمة نحوها_ اشتروا أنفسكم، لا أغني عنكم من الله شيئاً.[وفي رواية الترمذي: فإني لا أملك لكم من الله ضرّاً و لا نفعاً] يا بني عبد مناف، لاأغني عنكم من الله شيأً.[وفي رواية: فإني لا أملك لكم من الله ضرّاً و لا نفعاً]. يا عباس بن عبد المطلب، لا أغني عنكَ من الله شيأً..[وفي رواية: فإني لا أملك لكم ضرّاً و لا نفعاً] ويا صفيّة عمّة رسول الله، لا أغني عنكِ من الله شيأً. ويا فاطمة بنت محمد ﷺ، سليني ما شئت من مالي،لا أغني عنكِ من الله شيأً.[وفي رواية: فإني لا أملك لكم ضرّاً ولا نفعاً]))[٦].

واتە: ئەبو هریرە ڕەزای خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە کاتێك کە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە (وأنذر عشيرتك الأقربين) واتە بانگەوازی عەشیرەت وخزم و کەسە نزیکەکانی خۆت بکەو ئاگاداریان بکەرەوە، پێغەمبەر ﷺ خەڵکی قورەیشی هەموو کۆکردەوەو پێی فەرموون:

ئەی عەشیرەتی قورەیش نەفسی خۆتان دەرباز بکەن لەئاگر، چونکە من بۆم دابین ناکرێت هیچ زیان و سودێك لە لایەن خواوە بۆ ئێوە.

ئەی هۆزی— بەنی عبد مناف—: نەفسی خۆتان دەرباز بکەن لەئاگر؛ چونکە من بۆم دابین ناکرێت هیچ زیان و سودێك لە لایەن خواوە بۆ ئێوە.

ئەی عباسی مامی پێغەمبەر ﷺ نەفسی خۆت دەرباز بکە لەئاگر؛ چونکە من بۆم دابین ناکرێ بۆت هیچ زیان و سودێك لە لایەن خواوە. ئەی صەفییەی ئامۆژنی پێغەمبەر ﷺ : نەفسی خۆت دەرباز بکە لەئاگر؛ چونکە من بۆم دابین ناکرێ بۆت هیچ زیان و سودێك لە لایەن خواوە.

ئەی فاتیمەی کچی محمد ﷺ ، ئەوەی دەتەوێت لە ماڵەکەم داوام لێ بکە ، چونکە من بۆم دابین ناکرێ بۆت هیچ زیان و سودێك لەلایەن خواوە.

کەواتە موسڵمانی ژیر:

خۆشەویست ترین کەس بەلای خواوە کە پێغەمبەرە ـ ﷺ ـ هێنانی قازانج ولادانی ناڕەحەتی بەدەست نیە، بۆ خۆشەویست ترین کەسی، کە کچەکەیەتی و، بۆ نزیك ترین کەس لێی، کە مام و پورو خزمەکانیەتی لە عەشیرەتەکەی.

ئایا کە پێغەمبەر ﷺ بۆ خزمانی خۆی نەیتوانی، ئایا دەتوانێت بۆ غەیری ئەوان هیچ دابین بکات ؟!وە کە ئەو نەتوانێت ئایا غەیری ئەو کەسی تر دەتوانێت هیچی بەدەست بێت ؟!.

---

(٥) (الشعراء:٢١٤).

(٦) البخاري:٤٧٧١ومسلم:٢٠٥والترمذي:٣١٨٥

❊❊❊❊

کەواتە بەبەڵگەی قورئان و حەدیس ڕوون بۆوە کە بەڕێوەبردنی بوونەوەر بە هەموو شێوەیەکی‌یەوە، وە سـودو زیـان و، خێـرو شـەڕ؛ تەنها بەدەست خوایە. وەهەر کەسێك ئیعتیقادی ئەم شتانەی بەغەیری خوا هەبێت، ئەوە شەریکی بۆ خوا داناوە لە توانای بـەڕێوەبردنی بونەوەردا ﴿الشرك في التصـرُّف﴾. بەڵام بەداخەوە لەناو موسڵمانانەدا نەفامی وا هەیە کە ئـەم جـۆرە ئیعتیقـادە شـیرکی‌یەیان هەیـە بـە غەیری خوا؛ لە پێشەواو پیاو چاکان (أولیاء)، وە ئیعتیقادیان وایە کە خوا توانای بەڕێوەبردنی هەندێ لایەنی بونەوەری پێ بەخشـیون. وەك لەم قسە نارەوایانەی خۆیاندا دەردەکەوێت کە لە کتێبەکانی خۆیانەوە نەقڵ کراون:

❊﴿انتقل النور إلى غرائزنا ولمع في أئمتنا، فـنحن أنـوار السـماء وأنـوار الأرض، فَبِنـا النجـاة، ومِنَّـا مكنـون العلـم، وإلينـا مصـير الأمور، وبِمَهدينا تنقطِعُ الحجج...)

❊(الغوث متحكم في كل شيءٍ في العالم، والأقطاب الأربعة يمسكون الأركان الأربعة في العالم بأمر الغوث، والأبـدال السـبعة يـتحكم كل واحدٍ منهم في قارة من القارات السبع بأمر الغوث، يتحكمون في مصائر الخلق) و (إن لله عبادا يقولون للشيء كُن فيكون)[٧].

لەبەر ئەو ئیعتیقادە شیرکیە پووچە دەبینین و دەبیستین زۆر لە نەفامان هاوار دەکەنە شێخ عبدالقادر—ڕەحمەتی خوای لێ بێت- وە نـاوی (غەوسیان) لێناوە، کە لەڕاستیدا تەنها ﴿الله﴾ ﴿غوث﴾ە؛ چونکە غەوث بە واتەی ﴿فریاگوزار﴾ دێت : واتە ئـەوەی کـە لـەکاتی تەنگانـەدا بەفریایان دێت. وە باوەڕیان وایە کە توانای ئەوەی هەیە هەموو داواکاریەکیان جێ‌بەجێ بکات و وەڵامی هەمووشیان بداتەوە؛ یەکەمیان لە نەخۆشی چاك بکاتەوە و دووەمیان لە بەڵا بپارێزێت و... سەدەمیان منداڵی پێ ببەخشێ و...هەزارەمیان لە سەیارە وەرنەگەڕێت ﴿سبحان الله عما يقولون)!.

بەڵام پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵانی (الصحابة) هیچ یەکێکی تریان بە غەوس واتە فریاگوزار نەدەزانی، وە داوای بە فریاکەوتن (استغاثة) یان تەنها لە (الله) دەکرد:

﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ﴾ (الأنفال-٩).

وە پێغەمبەر ﷺ لە خوا دەپاڕایەوە دەیفەرموو:

(يا حيُّ يا قيوم برحمتك **أستغيث**)[٨].

واتە ئەی پەروەردگاری زیندووی ڕاگر، بەهۆی ڕەحمەتی تۆ داوای فریاکەوتنت لێ دەکەم، کە ڕەحمەتی تۆ بە فریام بێت.

بەڵام ئەمڕۆ نەزان و نەفامەکان بە(شێخ عبدالقادری گەیلانی ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێ ـ) دەڵێن غـەوس، واتـە فریـاگوزار، وە نـازانن کـە فریاگوزار(غەوس) تەنها (الله) یە!.

تێبینی: چەند گروپێکی گومڕا هەن کە شەریکیان داناوە بۆ خوا لە پەروەردگاریێتیدا کە ئەمانەن:

(١) **المجوس**: مەجوسی‌یەکان کە ڕووداوە چـاکەکان دەگێڕنـەوە بـۆ **ڕونـاکی** و بـە هـی ئـەوی دەزانـن. وە ڕووداوە خراپـەکانیش دەگێڕنەوە بۆ **تاریکی**!.

(٢) **القدريّة**: قەدەریەکان زێدەڕەویان کردووە لە باوەڕبون بە ویست و توانا بۆ مرۆڤ، بە شێوەیەکی وا کە دەڵێن مرۆڤ خۆی دروسـت کەرو بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی، بەبێ ویست و تواناو قەدەری خوا !. وە لەبەر ئەم بۆچونە شیرکی‌یە پێغەمبەر ﷺ بە مـەجوسـی ئەم ئوممەتەی حیساب کردون!. فەرمویەتی: ﴿القدريّة مجوس هذه الأمّة)[٩].

(٣) **الصابئة**: ئەستێرە پەرستان، کە باوەڕیان وایە ئەستێرە بەرزەکانی ئاسمان دەوریان هەیە لە بەڕێوە بردنی جیهان. وە لـە شـێوەی ئەوانیش:

---

[٧] بڕوانە کتابە پوچەڵەکەی:(الكافي في الرد على الوهابي).

[٨] أخرجه الحاكم (المستدرك١/٥٠٩)والترمذي:ح(٣٥٢٤)حسنٌ لغيره.

[٩] (ظلال الجنة بتخريج أحاديث السنة) ٣٢٨و٣٢٩

(٤) **عُبّاد الشمس: خۆر پەرستان.**

(٥) **عُبّاد النار: ئاگر پەرستان.**

(٦) **المتكبِّرون المُتَشبِّهون بالله: هەر کەسێك خۆی بە گەورەو زل و زۆر نواند، وە زەلیل بون و مل کەچ کردنی خەڵکی بۆ خۆی خوازی. وە حەزی کرد بە گەورەی دابنێن و لێی بترسن و ئومێدیان بەو بێت بۆ دەست خستنی خۆشی و لادانی ناخۆشی، وە لەڕێگای ئەوەوەی بزانن؛ ئەوە خۆی چواندووە بە پەروەردگارو خۆی کردووە بە شەریکی ﷲ. وە هەرکەسێ ئاوەها بێت پەروەردگار بەپێچەوانەی ئاواتی خۆی سزای دەدات و سوك و ڕیسواو بچوکی دەکات و، بە زەلیلیشەوە دەیخاتە دۆزەخەوە[10]. وەك لەم بەڵگانەدا دەردەکەوێت:**

(١)﴿إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ (غافر: من الآية ٦٠).

واتە: ئەوانەی کە خۆیان بەزل دەنوێنن لە بەرامبەر بەندایەتی و مل کەچی بۆ خوا، ئەوانە دەچنە دۆزەخەوە بە زەلیلی.

(٢) **پێغەمبەر ﷺ فەرموی: پەروەردگار فەرمویەتی:**

﴿ العظمة إزاري، والكبرياء ردائي؛ فمن نازعني واحداً منهما عذَّبتُه ﴾[11]

(٣) **پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:** ﴿ لايدخل الجنّة أحدٌ في قلبه مثقال حبة خردلٍ من كبرياء ﴾[12].

وە ئەگەر مرۆڤ وێنەیەك یا پەیکەرێك دروست بکات، ئەوە لەو کەسانە دەبێت کە توندترین سزا دەدرێن ڕۆژی دوایی؛ پێغەمبەرﷺ فەرموی پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿ومن أظلم ممن ذهب يخلق خلقا كخلقي﴾[13].

واتە: کێ زاڵم ترە لەو کەسەی دەچێ شتێك دروست دەکات وەکو دروست کردنی من؟!. کەواتە هیچ کەسێ زاڵم تر نییە لەوەی وێنەی ڕوح لەبەرێك دروست دەکات!.

وە **پێغەمبەر ﷺ فەرموی:** ﴿ إن من أشدّ أهل النار يوم القيامة عذاباً المصوِّرون ﴾[14]

واتە: بەڕاستی وێنەکێشان ڕۆژی دوایی لەو کەسانەن کە توندترین سزایان هەیە لە ئاگردا.

لەبەرئەوە توندترین سزا دەدرێت؛ چونکە خۆی چواندووە بە ﷲ لە سیفەتی دروستکردندا. ئەی دەبێ سزای ئەو کەسە چەندە توند بێت کە خۆی بچوێنێ بە ﷲ لە سیفاتەکانی گەورەیی و مەزنی و تایبەت مەندێتییەکانی پەروەردگاریتی و خوایەتی؟!.

ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت خەڵکی بەندایەتیان بۆ بکەن و کڕنوشیان بۆ ببەن و سەریان بۆ دابنەوێنن و سوێندیان پێ بخۆن و حەڵاڵ و حەرام و شەرع و یاسا لەوان وەربگرن!.

([10]) وقال العلاّمة أحمد بن علي المقريزي المتوفَّى سنة٨٤٥ ، في كتابه((تجريد التوحيد المفيد))ص٨:

((ومن خصائص الأُلوهية السجود، ... إلى غير ذلك.***هذا في جانب التشبيه***.

أما في جانب التشبُّه؛ فمن تعاظم وتكبر ودعى الناس الى إطرائه ورجائه ومخافته، فقد تشبَّه بالله، ونازعه في ربوبيته، وهو حقيق بأن يُهينه الله غاية الهوان، ويجعله كالذر تحت أقدام خلقه)).

[11] صحيح مسلم : ٩١. وأبو داود: ٤٠٩١.

[12] صحيح البخاري٥٩٥٣.صحيح مسلم٢١١١.

[13] صحيح مسلم ٢١٠٩

[14] صحيح الجامع الصغير.